www.kurdistannet.org
31-10-2005 17:24 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تا یەک سەرۆک و یەک حکوومەتمان نەبێ، خۆ بۆ هەڵبژاردن هەڵمەکەن! .. موحسین جوامێر



ئەوەی راستی بێ، من لەو لاوك و حەیران و نەزیلۆکەیەی سەردار و سالارانمان، تێناگەم. . تاکەی ئەوها بێپرینگانەوە، کایە بە بەری خەبات و تێکۆشان و ویست و داخوازییەکانی ئەم میللەتە دەکرێت. ؟ نەیار و بکوژانی کورد، رۆژبەرۆژ تووندوتۆڵ و رشتر دەبن، ریزیان مکووم و خەباتیان چڕتر دەبێ و بەرەو ئامانج و بردنەوە سمکۆڵ دەکەن. . کەچی کوردی هەشبەسەریش، هەر دێ و پاشەکشێ دەکا، ساتبەساتیش بێئومێد و هێدمگرتووتر دەبێت.
خودا هەقە، ئەوە شەش ساڵی رەبەقە، ئەمڕۆ نا سبەی، ئەم حەفتەیە نا ئەویدی، ئەم مانگە نا ئەویتر، بە میللەت دەکرێت. . من نازانم ئەو رنووەبەفرە کەی دەپسێت و هەرەس دەهێنێ، ئەو هەڵوێستە نالەبار و وێنەچووە کەی باوی دەمرێ و ئەو زۆنگاوە سیاسییە تاکەی رێگەمان پێدەگرێت؟
دەم لە گۆ کەوت، هێندەی هاوار بکات. . گوێ کەڕ بوو، هێندەی بەڵێنان ببیستێت. . چاو کول بوو، هێندەی چاوەڕوان بێت. . شنگ و تاقەت نەمان، تا هەنگاوی دیکە بهاوێژرێت. . ئەوجا هەموو تشتێ، لەنێو چاڵان و ماڵاندا ماوەتەوە. . کەس نازانێ، چ مەرامێك خۆی لە پشت کولیسان شاردۆتەوە. !
ئەی کەواتە ئەم کوردایەتییە بە کێ دەفرۆشرێت؟. . بۆ گێژ بەم میللەتە دەخورێ و قەولی بێبەر و بەرهەمی پێدەدرێت؟
هەڵبژاردن ئەوەندە پیرۆز راگیرا، وەك نوێژ و رۆژوو و حەج، کەوتە بەر نەزەرێ. . بەندە بە نوێژکەرانم دەگوت، ئەسڵەن ئەوەی دەنگ نەدا و نەچێتە ناو ئەم داوەتە یان بڵێ (نەرێ) ، بێی هیچ سۆ وگومان لە دین وەردەگەڕێ. . هەر وەختا بوو بڵێم تەلاقیشی دەکەوێ، ژنەکەیشی دێتە ریزی خوشك و پلك و مادەرێ. !
هەر یەکیان نەگرت!
پێش دەنگدانەدەستووریێ، گوترا هەمووی چەند رۆژێکە، ئەوها یەکتر دەگرینەوە، حکوومەتمان ئەوقاس خنجیلانە و قشتیلۆکە دەکەینەوە، تا سەلایێ درز و کەلێن نەکەونە نێوان و بەینەوە.
هەر یەکیان نەگرت!
ئەوجا ریفراندۆم بۆ دەستوور هات. . خەڵکی کزیلکەیان بۆ بەست. . ئی وا هەبوو کە دەنگی دا، نەیدەزانی بۆ دەستوورە، هەر لای وابوو دیسان دەنگدان بۆ دانانی پاشا و میرە.
هەر یەکیان نەگرت!
پاش ئەو (شیردە بۆ داپیردە) یە و دوای (مردم و سووتام) ی ئەم گەلە، دەڵێن پلان و پڕۆژەیەك دە ئارادایە. . گوایە هەر لا ـ بەیەکجاری ـ لە سەر ماڵ و مەملەکەتی خۆی حوکم بکا، دەست بە کلاوی خۆیەوە بگرێت. . واتە پاشا و میری هەر پاوانێك، ئازاد و فەرمانڕەوا بێت، جارناجاریش پرسەخەسوانەیەك بکات.
ئەوەش ئەوپەڕی یەکلاکردنەوە و ئیتتیفاق و سەرکەوتنە، دوای ئەو هەموو سەینوبەین و جرتوفرت و بۆ خاتری خوا و دەستماچکردنە. !

واتە، تازە تەواو، یەکیان نەگرت و ناگرن. . ئەگەر یەکێك وتی " تەحا " ئەوا یەکسەر " پەحا " ی بۆ دێت، هەم لەسەر و هەمیش لەبن. !

کورِینە. ! کچینە. !

ئەگەر راست بێ ئەم دەنگۆیە، واتە برِیاری نسکۆیە و تایبەت بە مردنی ئەنگۆیە.

بۆیە ئێوەش، بێی هیچ سڵەمینەوە و ترس، تان بەخۆتان بدەن، ئەو تەلەسمە پشکێنن و هەرگیز نەکەن دەنگێ بدەن!

ئەگەر پێش (هەڵبژاردن)، لە بن چەتری یەك سەرۆکدا، دوو ماڵی کورد نەبوون بەیەك، ئەو پۆرگ و پفکەیە لە جەستەی مەدا سارێژ نەکرا، هەرگیز نەکەن خۆی بۆ هەڵکەن تا دەنگ بدەن. !

ئەگەر وترا بەس ئەمجارە سەبر بگرن، دەستباریان لەگەڵ مەگرن، پووشکە پسانێیان لەگەڵدا بکەن، مەچنە ناو گەرِی ئەو رەشبەڵەکە. ! چونکە ئەمە مانای وایە، دەبێ پاش (هەلبژاردن) بەگۆدەگۆدەوە سوێند بە سەری چ (یابە) و (عێنی) ی عێراق هەیە، سەرلەنوێ بخوَینەوە. . بڵێین ئەوەی ئێمەمانان کردمان، زۆر لێی پەژیوان بووینەوە، لە چارەمان وا نووسراوە تا قیامەتێ وشی لە دوو ئێوەی هێژا و ئاغا و پاشا وگەداش بکەین، بۆ خۆشمان تەرِەماش بدرووینەوە.

ئەگەر بە گوێی براتان کرد، برِوا ناکەم نەبەنەوە.

mohsinjwamir@hotmail. com